

# گفتووگۆ لەگەڵ ئەدۆنیسی باوکمدا



**ئامادەکردنی: نینار ئەدۆنیس**
**وەرگێڕانی لە سویدییەوە: هیوا قادر**

**نینار: هەستت بە چی کرد کاتێک کە بۆ یەکەمجار دێکەی خۆتانت بە جێهێشت و هاتیت بۆ شار؟**

**ئەدۆنیس:** دوای ئەوەی دێکەمانم بەجێهێشت بەهیچ شێوەیەک بیرم لێنەکردەوە، دواتریش هیچ ئارەزوویەکم نەبوو تا بگەڕێمەوە بۆی. بەڵام ئێستا، کە شتێکم لە ژیانی خۆمدا بەدەستهێناوە و تێگەیشتنێکیشم لەسەر دنیا دروستکردووە...

**نینار: بەڵام خۆ تۆ دەرفەت و توانات هەیە ئێستاش.**

**ئەدۆنیس:** ... دەستمکردووە بەبیرکردنەوە لە دێکەم، هەوڵدەدەم ئەوکاتی سەروەختی منداڵی خۆمم لەوێ بیربکەوێتەوە، تا بزانم چۆن چۆنی بووە. من منداڵیم زۆر شتی پێبەخشیم.

نینار: ئایا دنیای دێکەتان نەگۆڕاوە؟ زەحمەت نییە بۆ تۆ هەمان ئەو دنیایەی ئەوسا بێنیتەوە بەرچاوی خۆت؟

**ئەدۆنیس:** با، هەموو شتێک گۆڕاوە. من شوێنێکی ئەوێم بیردەکەوێتەوە کە ئەوسا هەستمدەکرد زۆر گەورەیە.

**نینار: چونکە ئەوسا منداڵ بوویت. بەڵام ئەی لە ئێستادا دێکەتان بۆ تۆ چ مانایەکی هەیە؟ تۆ وەک منداڵێک تا بوویت بە پانزە ساڵ لەوێدا ژیایت، وا نییە؟ ئەی ئێستا چ چاوەڕوانییەک لە دێیەکی ئاوا دەکەیت، دوای ئەوەی کە تۆ نزیکەی شەست ساڵە لێی دووریت؟**

**ئەدۆنیس:** یادوەریی. ئەوێ کانگایەکە بۆ یادوەرییەکانم، من پێموایە یادوەری بەشێکی گرنگی ژیان و ڕۆح و هەستەکانە. من هەستێکی وام هەیە کە لەناو ئەو یادوەرییانەدا لەدایکبووم و دەبێت هەر لەناو ئەوانیشدا بمرم. لەو شوێنەدا بمرم کە تێیدا لەدایکبووم. ئەو شوێنە تەنها جێیەک نییە کە تێیدا لەدایکبووم، بەڵکە جێیەکیشە کە دەبێت تێیدا ونبم.

**نینار: بۆچی؟**

**ئەدۆنیس:** ناتوانم بۆتی ڕوون بکەمەوە بۆچی، بەڵام ئەمە شتێکە کە هەستی پێدەکەم. کاتێک کە دەمرم دەمەوێ لەوێ بنێژرێم. ئەوێ ئەو لانەیە بوو کە بۆ یەکەمجار من ژیانم تێیدا بینی، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ هەمان شوێن. ڕەنگە هەندێک کەس پێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەیەی منیان هەبێت، بۆیە دەزانم ئەم بیرکردنەوانەی من بۆ دێکەم شتێکە تەنها تایبەتە بە خۆمەوە. دەشزانم خەڵک هەیە

دەیەوێت کە مرد بسووتێنرێت و خۆڵەکەی بپرژێنرێت بەسەر توێی ئاوی دەریاوە یاخود بدرێت بەدەم باوە. بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە منەوە هەیە ئەوەیە کە دەمەوێت لە دێکەی خۆماندا بنێژرێم.

**نینار: بەڵام بۆچی؟**

**ئەدۆنیس:** نازانم بۆچی، ئیدی وایە و تەواو.

**نینار: من هەوڵدەدەم تێبگەم، کە بۆچی دێیەک کە تێیدا لە دایکبوویت گرنگترە لە شوێنێکی تر کە تێیدا لە دایک نەبوویت، لە کاتێکدا ئەم شوێنەی ئێستات جێگای ژیان و خۆشەویستی و کاری تۆیە؟**

**ئەدۆنیس:** وەکو ووتم ئەمە شتێکە کە زۆر تەبیاتە بە ئینسان خۆیەوە. پێموایە ئەمە پرسیاری گەڕانە بەدوای ڕەگدا، گەڕانەوەیەکە بۆ ڕەگ و ڕیشە. جۆرێکە لە دانەوەدەم یەک و گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێکردن.

**نینار: بەڵام ژیان و مردن هەرچۆنێکبێت خۆیان جۆرێکن لە گرێدانەوە، یاخود بە شێوەیەک لە شێوەکان وایانلێدێت، هەریەکەیان لە هەمان جێدا یاخود دوور لەیەک**

تەواوکەری یەکترین.

**ئەدۆنیس:** وایە، بەڵام لە هەمان ئەو جێیەدا نەمریت کە تێیدا لەدایکبوویت وەک ئەوە وایە ژەمێک خواردنت هەبێت بەڵام لەسەر قاپەکەت نەبێت و لەبری ئەوە شتی تری لەسەربێت. جیاوازی ئەم دوانە زۆر ڕواڵەتیانە دەبینرێت، بەڵام جیاوازییەکەیان زۆر گرنگە.

**نینار: مەبەستت ئەوەیە ئەمە بۆیە دەکەیت تا ئاسودەبیت؟**

**ئەدۆنیس:** بەڵام دوای مردن ئینسان هەست بە هیچ ناکات.

**نینار: وایە! بەڵام من پرسیار لەم هۆیە دەکەم؟**

**ئەدۆنیس:** ئەمە شتێکە کە ناخودئاگا پێی هەڵدەستێ. من لە ڕاستیدا ناتوانم خوێندنەوەم هەبێت بۆی. هەر بۆیەشە ئەمەی کە دەیڵێم جۆرێکە لە قەناعەتی تایبەتی خۆم. من هیچ کێشەم لەگەڵ ئەو کەسانەدا نییە کە دەیانەوێت لە دووری ئەو شوێنانە بنێژرێن کە تێیدا لەدایکبوون.

**نینار: بۆ نمونە من. من لە خەستەخانەیەکدا لەدایبووم، بۆیە بۆ من هیچ گرنگ نییە. هەربۆیەشە دەمەوێت کە مردم بسووتێنرێم و خۆڵەکەم بەسەر دەریای ناوەڕاست دا بپرژێنرێت. چونکە دەریای ناوەراست بۆ من سمبولی هەموو دنیایە.**

**تۆ ووتت جۆرێک لە "شوناس" شتێکە کە ئینسان خۆی دروستیدەکات و بەردەوامیش لە گۆڕاندایە، بۆیە پەیوەندی بەو وڵاتەوە نییە کە لێوەی هاتوویت. کەواتە بۆچی دێیەک، کە شوێنی لەدایکبوونتە هێندە گرنگە؟ من پێمولیە چەمکی "وڵات" و "ناسیۆنالیبیەت" ئینسان دەکەن بە کۆیلە، وای لێدەکەن کە وابەستەی دەسەڵاتبێت.**

**ئەدۆنیس:** نا، ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە کۆیلەبوونەوە نییە! بەڵکە ئەمە شتێکی سروشتییە.

**نینار: شوناسی تۆ گەشەی کردووە و گۆڕانی بەسەرداهاتووە. واتلێکردووە کە دەوڵەمەندتربێت!**

**ئەدۆنیس:** ئەمە پرسیاری هەڵبژاردنێکە و پەیوەندیشی بە شوناس و ئەو جۆرە گەشەکردنانەوەوە نییە. بۆ نمونە "ئەدوارد سەعید" لە قودس نەنێژراوە بەڵکە لە شاخەکانی لوبنان نێژراوە، لە هەمان ئەو قەبرسانە نێژراوە کە ژنەکەی و خانەوادەکەی تێدا نێژراوون. ئینسان هەرگیز ناتوانێت شوێنی لەدایکبوونی خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام دەتوانێت ئەو شوێنە هەڵبژێرێت تا لاشەکەی تێیدا ئارامبگرێت. ئەمەش ئەوەیە کە من کردوومە، من ئەو شوێنەم هەڵژاردووە کە دەمەوێت لاشەکەم تێیدا ئارامبگرێت.

**نینار: ئاوا، بەڕاستی من لەم پرسیارەدا لە تۆ ناگەم.**

**ئەدۆنیس:** دەکرێت تێینەگەیت و هیچ پێویستیش بە لۆژیک هێنانەوە ناکات.

**نینار: من بڕیارەکەتم قبوڵە بەڵام تێیناگەم. بەهەرحاڵی ئەوە نا کە لەپرسارەکە ناگەم بەڵکە ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت. لە ڕاستیدا تۆ بوویت بە کەسێکی بەناوبانگ و شۆرەتی تۆ بە زۆرینەی دنیادا بڵاوبۆتەوە. بەڵام جێیەکی پچکۆلەت لەسەر ئەم زەوییە هەڵبژاردووە کە ئەویش دێکەی خۆتە کە تێیدا لەدایکبوویت. تۆ دەتەوێت لەوێش بتناسن . دەتەوێت ئەویش بببێتە دوا شاهیدی تۆ.**

* چەند سەعاتێک دوای ئەوە *

**نینار: چۆن شیعرەکانت یارمەتیانداویت کە بژیت و بەزیندویتی بمێنیتەوە؟ ئایا باشت کردووە کە وا ژیاویت؟**

**ئەدۆنیس:** من پێموایە شیعرەکانم و نووسینەکانم قەرەبوویەکی گەورەیان لەبەرامبەر ئەو غەریبیەم بۆ وڵاتەکەم و شوێنی لەدایبوونم کردۆتەوە. پەیوەندی من لەگەڵ دنیای زماندا بەهێزترە لەپەیوەندیم لەگەڵ ئینسان و شوێنەکاندا.

ڕەنگە ئەمەش نوقسانییەک یان هەڵەیەک بێت لە مندا، بەڵام ئیتر وایە. من هەرگیز پەیوەندییەکم لەم جۆرە لەگەڵ شوێندا نەبووە، تەنها ئەو دەزووە نەبێت کە منی بەو شوێنەوە بەستۆتەوە. ئەو دەزووەش ئەو دەزووە سوورە بوو کە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندم من خۆم بدۆزمەوە، هەر زوو بزانم کە من کێم. من نەمدەتوانی ئەم کارە بکەم گەر زمان دەستگیرۆیی نەکردمایە.

**نینار: ئایا وایە لە پێشدا تۆ ئەم زمانەت خولقاند ئەوسا لەهەمانکاتیشدا خۆتت خولقاند؟**

**ئەدۆنیس:** وایە دروستە.

**نینار: زمان لەمڕۆدا بۆ تۆ چ جێیەکی هەیە؟ ئایە ئەم جێگەیە لەگەڵ زەمەندا گەشەدەکات؟ پێتوایە لەمڕۆدا زیاتر پێویستت پێیبێت وەک لەوەی کە لەڕابردوودا پێویستت پێی بووە؟ ئایا لە ئێستادا زیاتر دەسەڵاتت بەسەر زماندا دەشکێت یاخود هێشتا زەحمەتە بەسەریدا زاڵبیت؟**

**ئەدۆنیس:** ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی کە تۆ لەگەڵ زماندا هەتە. چونکە شوناسی من هەمیشە لەناو ماخۆلیابوون و ڕاڕابووندایە بۆ تێگەیشتن. بێگومان لە لایەکەوە دەبێت شوناسی من جێگەیەکی خۆی هەبێت، وە لەلایەکی تریشەوە پێویستی بەو کاتە هەیە تا لە جێگاکەی خۆیدا جێگیردەبێت. کات لە شوێن گرنگترە. لەبەر ئەم هۆیەشە کە پەیوەندی من بەکاتەوە پەیوەندییەکی خەمهێنەرانەیە، چونکە من دەزانم پێویستم بە کاتێکی زۆر هەیە، بەڵام تازە من هێندەم کات بەدەستەوە نەماوە. بۆیە ئەو کاتانەی کە ناتوانم سەرکەتووبم بەسەر کارێکمدا هەستدەکەم بەشێکی زۆر لە خۆم دەدۆڕێنم. کاتیک ئینسان پیرتردەبێت هەست دەکات هێندەی پێویست کاتی نییە بۆ ئەوەی فریابکەوێت ئەوەی پێویستە بیڵێت. ئەمەش هەستێکی خەتەرناکە، بەتایبەتی کاتێک ئینسان شتی زۆری هەبێت بۆ وتن و دەسەڵاتی بەسەر بابەتەکەشیدا بشکێت و کەچی کاتی نەبێت. هەندێک جار من پێموایە زۆر ڕۆیشتووم کەچی کەمم کردووە. هەستێکی وام لادروستدەبێت کە هەستدەکەم ئەو شتانەم هەمووی نەکردووە کە دەبوو بیانکەم. ئەمەش پڕمدەکات لە هەستکردن بە خەمباری.

**نینار: ئایا بەڕاستی تۆ چیت لە نووسینی شیعر دەستکەوتووە؟**

**ئەدۆنیس:** من پێشووتر وەڵامی ئەم پرسیارەم داپتەوە. من ووتم شیعر نووسین وای لێکردم کە خۆم بناسم و باشتر لە دەوروبەری خۆم بگەم. لەسەروو هەموویانەوە فێری کردم کە باشتر بژیم.

**نینار: ئایا تۆ خۆت شیعرت بۆ خۆت هەڵبژارد یاخود بەهۆی کاریگەری باوکتەوە بوو لەبەرئەوەی ئەو حەزی بە شیعری کۆنی عەرەبی کردووە. ڕەنگە ئەمە شتێک بووبێت کە سەرەتا مەجبوورکرابیت ملی بۆ بدەیت و دواتریش ئیتر وورده وورده حەزت لێیکردووە؟**

**ئەدۆنیس:** من لە ژینگەیەکدا لە دایکبووم کە بەکەڵک بوو بۆ ئەو جۆرە دانیشتنانە. باوکم بۆ خۆی شیعری دەنووسی و ئەو فێری کردم کە قەدری شیعر بگرم. من لە شیعردا لەدایکبووم و دەقم بە شیعرەوە گرت. بەڵام من خۆم لەو بەدەقگرتنەی یەکەم دوورخستەوە. تا دواتر بە شێوازێکی نوێ وا گەشەی کرد کە لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازبوو.

**نینار: ئەمە مەعنای ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە شتەکان بۆ خۆیان چوونە پێشێ؟**

**ئەدۆنیس:** من تازە هیچ شتێکم نییە بیکەم سەبارەت بەوەی کە پێشووتر هەبووم و تێپەڕیوە. شیعر

نووسین لای من بەتەواوەتی گۆرانی بەسەرداهات.

**نیار: واتا هەر لەسەرەتاوە هەموو شتێک ڕێچکەی خۆی گرت؟**

**ئەدۆنیس:** ئا، بەتەواوەتی هەر وەک خۆم کاتێک کە لەدایکبووم.

**نیار: بەڵام ئینسان چۆن دەزانێت ئەوەی کە دەینووسێت باشە؟ تۆ چۆن دەزانیت ئەوەی کە دەینووسیت باشە، بۆ نمونە تازەیە یان تایبەتە؟ ئایا خۆت هەست بەوە دەکەیت یاخود کەسانی تر پێتدەڵێن تا هەست بەوە بکەیت؟**

**ئەدۆنیس:** ئەوەڵ و ئاخیر ئەمە هەلومەرجێکی دەرەکییە. کەسانی تر ئەو بیرۆکانەم دەدەنێ کە کام یان چ مانایەک کە من نووسیومن ئەو دەیاخوێنێتەوە و پەیوەندیان لەگەڵ دەبەستێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە کە شاعیر یان داهێنەر خۆی باشترین خوێنەر و ڕەقیبی خۆیەتی. لەبەر ئەوەی لە هەمان کۆنتێکستدا دەژین. کاتێک کە تۆ شیعرێک دەنووسیت بەئاگاییەوە بێت یان بە بێ ئاگایی بەراوردی دەکەیت بەو شیعرانەی کە شاعیرانی تر بەهامان زمان نووسیویانە. سوپاس بۆ ئەم بەراوردکردنە کە ئینسان لە ڕێیەوە دەزانێت کە بەرهەمێکی تازە و جیاوازی نووسیوە یان نا. پێشموایە شاعیرەکە خۆی شیاوترین ڕەقیبە، ئەگەر ڕاستگۆبێت لەگەڵ خۆیدا ئەوا خۆی باشترین ڕەخنەگری نووسینەکەی خۆیەتی.

**نیار: پێموایە ئەمە بۆ هەموو داهێنەرێک ڕاستە.**

**ئەدۆنیس:** کەسی تر ناتوانێت باشتر لە کارەکەی ئەو تێبگات خۆی نەبێت.

**نیار: پێتوایە ئینسان پێویستی بە هاندانی کەسانی تر هەبێت؟ تۆ خۆت باسی شیعرە نوێکانت و بیرۆکە نوێکانت بۆ هاورێکانت ناکەیت؟ لەگەڵ کێ باسیان دەکەیت؟ ئایە تا چەندە گرنگە ڕێ بە کەسانی تر بدەیت بەراوردی ئەو بیرۆکە تازانە بکەن لەگەڵتا، یاخود باشتروایە دواتر ڕێ بەوکەسانە بدەیت ئەو کارەبکەن کتێک کە بیرۆکەکەت کامڵدەبێت و دەکەوێتە سەر کاغەز؟**

**ئەدۆنیس:** پێشتر وا ڕاهاتبووم پێش بڵاوکردنەوەیان شیعرە تازەکانم بۆ هاورێکانم بخوێنمەوە. بەڵام دەمێکە واناکەم و وازم لەوەهێناوە. ئەوەی دەیڵێم بۆ یەک جار دەیڵێم و بۆ هەموو کەس.

**نیار: لە چ ئاستێکدا هونەرمەندان، بێ جیاوازی کایەی کارکردنەکانیان، پێویستیان بە ڕەخنە هەیە لەلایەن تێکرای خەڵکەوە یاخود لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە؟**

**ئەدۆنیس:** ئەوەی کە پەیوەندی بە منەوە هەیە سەبارەت بە ڕەخنە لەلایەن تێکرای خەڵکەوە یان جەماوەرەوە بۆ من هیچ ئەرزشێکی نییە. چەمکی "جەماوەر" ئەفسانەیە، هەر وشەکە لە ڕاستیدا بۆخۆی بازرگانییەکی بەهێزە بۆ یەکگرتن بەبێ هیچ ڕێکەوتنێک. کە دەڵێین جەماوەر واتا کۆمەڵێک خەڵکی زۆر کە هەموویان لەیەکتری جیاوازن. ئەگەر ئینسان قسە بۆ جەماوەر بکات ئەوا مانای ئەوەیە لە کارەکەیدا جەخت لەسەر ئەو شتە دەکاتەوە کە گشتییە نەک ئەوەی کە دانسقە و تایبەتە. لەبەر ئەم هۆیەیە من حەز بە گشت، یاخود جەماوەر ناکەم. ئەوەی بۆ من جێگای بایەخە تاکە، کەسەکەیە، خوێنەرە. تۆ تەنها بۆ ئەوە نانووسێت بۆ ئەوەی بخوێنرێیتەوە، بۆ ئەوەش نانووسێت تا گوزارشت لە خۆت بکەیت، من دژی هەموو ئەم بیرکردنەوانەم، لەبەرئەوەی ئینسان ناتوانێت هەمیشە گوزارشت لە خۆی بکات کە چییە. لەبری ئەوە تۆ دەنووسێت و خەلقدەکەیت بۆ ئەوەی بزانێت خۆت کێیت، بۆ ئەوەی باشتر لە خۆت تێبگەیت کە تۆ چیت، بۆ ئەوەی دواتریش باشتر لە هەموو دنیا تێبگەیت.

**نیار: بۆ ئەوەی ڕۆڵ و کاردانەوەی خۆتت هەبێت لەناو کۆمەڵگاکەتدا و هەروەها لەناو دنیاشدا؟**

**ئەدۆنیس:** ئەگەر خەڵک کاردانەوەی بۆ کارەکەی خۆی هەبێت و حورمەتی ئەو کاردانەوەیە بگیرێت، من ئەمە بەکارێکی باش دەزانم. بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کەسە حورمەتی کارەکەی خۆی نەگرێت ئەوا ناتوانێت هیچ شتێکیش بە من ببەخشێت. دیارە هونەرمەندان و نووسەرانێکی زۆریش هەن کە بۆ جەماوەر کاردەکەن و دەنووسن، بەڵام من کاری وا ناکەم.

* دوای چەند سەعاتێکی تر *

**نیانار: سنوورەکانی شیعر کامانەن؟ خەسڵەتەکانی چین؟ ئایا شیعر دەتوانێت فریا بکەوێت و پێبەپێی هەموو گۆڕانکارییەکان بڕوات، خۆی بگۆڕێت و ستیلێکی شۆڕشگێڕانەی هەبێت؟  یاخود دەبێت خۆی لەگەڵ هەندێک لەو یاسایانەدا بگونجێنێت؟**

**ئەدۆنیس:** خەسڵەتێک هەیە هی هەموو هونەرەکانە، کە دیارە شیعر و پەیکەرتاشی و وێنەکێشانیش دەگرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە هیچ یاساو سنوورێک نایانگرێتەوە. هونەرمەند خۆی بڕیار لەسەر یاساکان دەدات، هەندێک جار دەتوانێت سەرلەبەری هەموو یاسا سەرەتاییەکان لەناو هونەرەکەی خۆی یاخود شیعراندنی خۆیدا بگۆڕێت، کەس ناتوانێت لەویادا پێی بڵێت کە ئەوەی ئەو دەیکات هونەرە یاخود هونەر نییە. بەدڵنیاییەوە یەکێک لە هەرە نهێنییە گەورەکانی داهێنەر ئەوەیە کە ناتوانیت سنووری لەبەردەمدا دابنێیت یاخود بیخەیتە ناو پێناسەکانەوە. هونەر شتێکە هەمیشە و بەردەوام لە جوڵەدایە، جوڵەش بۆ خۆی تازەیە و یاسای تایبەت بە خۆیی هەیە. لەبەر ئەم هۆیە بڕواناکەم کە یاسایەک هەبێت بۆ شیعر، تەنانەت هەندێک جار ناشیعر خۆی دەبێتە شیعر.

**نیانار: ئایە تۆ چۆن دەتەوێت باس لە پەیوەندی خۆت و زمانی عەرەبی بکەیت؟ لەیەک کاتدا کە هەم کەرەستەی کارکردن و هەم شوناسیشتە، هەم جەستەش و هەم ڕۆحیشتە؟**

**ئەدۆنیس:** من ناتوانم بیر لەوەبکەمەوە بە زمانێکی تر بنووسم. زمانی عەرەبی لە مندا دەژی و هەمیشەش دڵپیسە و چاوی بە زمانی تر هەڵنایەت. زمانی عەرەبی بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەگی لە مندا داکوتیوە، ڕەنگە هۆی ئەوەش بێت کە من نەمتوانیوە بە ئاسانی فێری زمانی تر ببم. ئەوەندەی کە من زمانی عەرەبیم خۆشویستووە هێندە خۆمم خۆشنەویستووە. بۆیە ئەو لە مندا ماوەتەوە و ڕێیپێنەداوم زمانێکی تر فێرببم.

**نیانار: منیش پێموایە هەر وایە.**

**ئەدۆنیس:** جارێکیان خانمێکی هاورێم دوای ئەوەی کە گوێی لێمبوو بە زمانی عەرەبی چەند شیعرێکی خۆمم خوێندەوە، پێی ووتم: "تۆ پێویستت بە ئافرەت نییە، چونکە تۆ عەشق لەگەڵ زماندا دەکەیت". ئەو ڕاست بۆی چووبوو.

**نیانار: تۆ چ ئامۆژگارییەکت بۆ من هەیە بۆ پەیوەندی گرتنی من لەگەڵ زماندا؟ ئەمە شتێکە کە تووشی دڵەلەرزەی کردووم. دەتوانم تۆزێک بە عەرەبی بنووسم، بەڵام زۆر باش نیم. دیتنی من بۆ زمان دەبێت وەک هەڵوێستێک و ئەرکیکی سەرشان وابێت، یاخود وەک خۆشەویستێک کە من دەستبەرداری بووم و کەچی ئەو دوام دەکەوێت و وازم لێناهێنێت. بەڵام من حەزیش دەکەم بەچەشنێک هێندە باش فێری زمانی عەرەبی ببوومایە تا بمتوانیایە باشتر تۆ بناسم و شوناسی عەرەب بوونی خۆم بپارێزم. زمانی عەرەبی دەیتوانی پەردە لەسەر زۆر شتی تۆ هەڵماڵێت بۆ من! سەیرە، وانییە؟**

**ئەدۆنیس:** وایە، ئەوە کێشەیە، بەڵام من ناتوانم ئەو کێشەیەت بۆ چارەبکەم. دەبێت ئەو کارە تەنها هەر خۆت بیکەیت. لە ڕاستیدا مەحاڵە تۆ بتوانیت لە شاعیرێک بگەیت گەر بێتوو ئەو زمانەی ئەو شاعیرە پێیدەنووسێت زۆر بەباشی نەیزانیت، ئینسان دەتوانێت بەشێکی ئەو تێگەیشتنە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە پێیبگات، لە بیرۆکەکان بگات، لە وێنەکان و شتە گشتییەکان، بەڵام تەنها دەتوانێت بەشێکی ئەو شیعرە بژیت نەک هەمووی. بەڵام گەر ئینسان بیەوێت بە تەواوەتی لە شاعیرێک بگات دەبێت بتوانێت ئەو شیعرانە بەو زمانی دایکە بخوێنێتەوە کە پێی نووسراوە. ئەمەش کێشەی وەرگێڕانە و بەجۆرێک لە جۆرەکان هەر ئەو کێشەیەشە کە تۆ دوچاری بوویت.

**نیانار: بەڵام تا چ ئاستێکی باش دەبێت من خۆم فێری زمانی عەرەبی بکەم؟**

**ئەدۆنیس:** دەبێت تۆ زۆر بەباشی فێربیت، ئەگەرچی بۆ تۆ لەئێستادا زەحمەتە ئەوە بکەیت.

**نیانار: سنووری ئەو فێربوونە تا کوێیە؟ کێ دەتوانێت ئەو ئاستە دیاریبکات؟**

**ئەدۆنیس:** کەس ناتوانێت بەشێوەیەک لە شێوەکان بەسەر هیچ زمانێکدا زاڵبێت. ئینسان تەنها

دەتوانێت دەسەڵاتی بەسەر بەشێکیدا بشکێت. زمان وەک ئەو ئاسۆ بێکۆتاییە وەهایە کە ئینسان بەرەورووی دەڕوات. ئینسان تا چەند بڕوات، زیاتر هەستی ئەوەی لەلادروست دەبێت کە زەخیرەی زمانی هێشتا کەمە و بڕناکات. بەڵام لایەنێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە کە: ئێمە لە زمانێکدا لەدایکدەبین کە دەبێتە پێستمان، دەبێتە دەمارەکانمان و خوێنمان. ئەگەر ئینسان لە سەرەتاوە زمان نەهێنێتە ناو خۆیەوە، وەکو دەڵێن لەگەڵ شیردا نەیخواتەوە، ئەوا ئینسان ناتوانێت زمان فێربێت. ئینسان دەتوانێت خۆی فێربکات بخوێنێتەوە، بەڵام ناتوانێت زۆر بەباشی پێبنووسێت.

زمان وەک ئەو یەکەم قریشکەیە وەهایە کە ئینسان لە سینەیەوە دەردەچێت کاتێک کە لەدایک دەبێت، زمان ئەو یەکەم هەنسکەیە. لەبەر ئەوەی کە تۆ کەسێکی داهێنەریت، هونەرمەندێکیت، پێویستە ئەو زمانەی کە تۆ بەکاریدەهێنیت لەو ئاستەدابێت. تۆ دەتوانیت زمانی فەرەنسی هەڵبژێریت بەڵام ئەمە مانای ئەوەیە کە هەمیشە ئاستەنگێک لە نێوان من و تۆدا دەبێت. دەبێت ئەو دوو ئاستەنگەش قبوڵبکەیت کە دەبێتە هۆی دڵەلەرزە بۆ تۆ، ئاستەنگ لەبەردەم شاعیرێکدا و ئاستەنگ لەبەردەم زمان ناسیدا. من نازانم ئەوە چ زمانێکە کە تۆ دەتوانیت پێێ بقیژێنیت و پێی بگریت، نازانم کە ئەوە فەرەنسییە یان عەرەبی، بەڵام من پێموایە زمانی عەرەبی وەک زمانێکی کلتووریی بەردەوام لێت نزیکدەبێت سەربارى ئەوەی کە هەرگیز ناتوانێت ببێت بە زمانێکی دایکی ڕاستەقینە بۆ تۆ.

**نینار: من پێموایە گەر کەسێک لە ڕاستیدا بیەوێت لە شیعرەکانی تۆ بگات ئەوا دەبێت وەک بەشێک لە عەشق سەیری شیعرەکانی تۆ بکات. پەیوەندییەک لە گۆشت و خوێن لە نێوان تۆ و ئەو زمانەدا دروستبووە کە بەکاریدەهێنیت. ئینسان نابێت تەنها خۆشی بە وشەکان بێت بەڵکە لەبری ئەوە دەبێت ئەو پەیوەندییەی تۆ و زمانی عەرەبی تێبگات و تەنها حسابی ئەو پرسیارە بۆ وشەکان نەکات بەڵکە حساب بۆ ئەو شێوە دەربڕینەی تۆش بکات بۆ وشەکان.**

**ئەدۆنیس:** ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت هەر زۆر گرنگە. بەڕاست ئەوە خۆت گەیشتوویت بەم دەرئەنجامە؟

**نینار: بەڵێ، ئەمە ئاشکرایە. لەڕاستیدا ئەمە گومانی تێدانییە، ئینسان خۆی دەیبینێت.**

**ئەدۆنیس:** تۆ پێتوایە کە زمانی عەرەبی منی خستبێتە ناو هەرەمێکەوە؟

**نینار: زمان دۆستەکەی خۆتە.**

**ئەدۆنیس:** هەرەمێکی بە چواردەوری مندا دروستکردووە و کارێکی کردووە کە خوێنەرەکانم نەتوانن بەتەواوەتی تێمبگەن و سەرومڕ حاڵیبن لێم. کاتێک ئینسان زۆرینەی ئەو شاعیرانەی تر دەخوێنێتەوە کە بە عەرەبی دەنووسن سەرنجێکی لە لا دروستدەبێت کە ئەوان لە شوێنێکدان و زمانیش بۆ خۆی لە شوێنێکی تردایە.

**نینار: بۆیە منیش لە ئێستادا پێموایە کە تۆ و زمانی عەرەبی یەکێکن. ناکرێت ئێوە شتێکی تربن. ئەگەرچی من شیعرەکانی تۆم نەخوێندۆتەوە بەڵام هەستدەکەم کە پەیوەندی تۆ و زمانی عەرەبی زۆر بەهێزە. من هەرگیز گوێم لە کەسێکی زیندووی تر نەبووە وەک تۆ. دیارە دەکرێت ئینسان "المتنبی" یان کەسێکی هاوشێوەی ئەوی بیربکەوێتەوە، بەڵام ئەوانە مردوون.**

**ئەدۆنیس:** زۆر کەس هەن لەگەڵ تۆدا هاوڕان، تۆ تەنها کەس نیت کەوادەڵێیت. هەموو ئەوانەی کە گوێیان لە خوێندنەوەی شیعری من بووە دەڵێن شتێکی تایبەتی تێدایە، هەستکردنێکی جیاوازە. بێ لەوە دەشڵێن کەسێکی تر نییە لە هەموو وڵاتانی عەرەبیدا کە وەکو ئەدۆنیس بتوانێت شیعر بخوێنێتەوە.

**نینار: لە هەموو دنیاشدا نییە!**

**ئەدۆنیس:** ئەمڕۆ شتێکی زۆر جوانم خوێندەوە کە فیلیپ سولەر نووسیبووی.

**نینار: لەسەر بێکت؟**

ئەدۆنیس: ئا لەسەر بێکت. لە دواهەمین ڕستەدا دەڵێت: "دەنگ بۆنێک لە حەقیقەت لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت". جوانە وانییە؟ زمان دەنگێکە. ئەم ڕستەیەم زۆر پێجوان بوو. ئەگەر تۆ ساتێک لە زمان

وەربگریت و وەک من کە دەتوانم بیخوێنمەوە ئاوا بیخوێنیتەوە ئەوکات بەڕاستی هەستدەکەیت کە بۆنی حەقیقەتێکی تێدایە.

**نینار: تۆ جارێکیان وتت بۆ ئەوەی مانای وشەی عەرەبی تێبگەیت دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ زمانی خەڵکی، بۆ دیالێکتی زمانەکە. مەبەستت لەوە چی بوو؟ تۆ ئەوکاتە وات ووت کە لەگەڵ سەمیر ئەمینی ئابوریناسدا قسەت دەکرد.**

**ئەدۆنیس:** نەخێر، ئەوەی کە من وتم ئەوەبوو کە زۆرینەی ئەو وشانەی لە ناو زمانی عامیدا هەن لەناو ئەدەبیاتی عەرەبیدا ڕەگێکی تایبەتیان بە خۆیان هەیە. لەبەرئەوەیە هەندێک جار دەبێت ئینسان زیاد لە زمانی ئەدەبیات و زانست زمانی عامی هەڵسەنگێنێت کە زمانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە وشەش وەک هەر بوونەوەرێکی تر دەمرێت کاتێک کە ئیتر بەکارناهێنرێت. زۆر شاعیر هەن کە دەچنە ناو قەبرسانی زمانەوە تا وشە هەڵبکۆڵن و بیدۆزنەوە. بەڵام ئەو وشانەی کە دەیدۆزنەوە زۆرینەیان مردوون و بۆ بەکارهێنان ناشێن، زۆرجار ئەو وشانە لە دەرەوەی تێگەیشتنی گشتیدان. لەبەر ئەوە ئینسان دەبێت زۆر بەوردی تەنها ئەو وشانە بەکاربهێنێت کە ڕەگیان لەناو ژیانی ڕۆژانەدا هەیە. کێشەی شیعر ئەوەیە کە وشە بۆ خۆی بەتەنها بوونێکی سەربەخۆی نییە بەڵکە بەسەر تەونێکەوە بەش بەشکراوە. کاری شاعیریش ئەوەیە کە ئەو تەونە بچنێت، وشەکان پێویستە پێکەوە بچنرێن. ئەمەش خۆڕسکانە دروستدەبێت، چونکە وشە خۆی دەزانێت کە دەبێت چۆن بچنرێت.

-----------------------

تێبینی:

ئەم گفتووگۆیەی نێوان هونەرمەندی شێوەکار نینار و ئەدۆنیسی باوکی، گفتووگۆیەکی دوورودرێژە کە بە کتێبێک بڵاوبۆتەوە بە ناونیشانی "گفتووگۆ لەگەڵ ئەدۆنیسی باوکمدا"، ئەم کتێبە لە زمانی فەرەنسییەوە کراوە بە سویدی و منیش ئەم بەشەو چەند بەشێکی تریم لە سودییەوە کردووە بە کوردی.

سەرچاوە:

Samtal med min far, Adonis

Ninar Esber

Översättning av Carl G Liungman

Alhambra 2007